ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا

# پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

## لە وڵاتانی رۆژاوای ئاسیا

وەرگێڕ: مەنسوور سدقی




٢٠١٦

# پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

# لە وڵاتانی ڕوژاوای ئاسیا

ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا

وەرگێڕ: مەنسوور سدقی

٢٠١٦

## پێشەکی وەرگێڕ:

ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا[1]، دوکتور و پرۆفیسۆری زانستە مێژووییەکان، هاوکاری پایەبەرزی زانستی و سەرۆکی بەشی کوردناسیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا، ئەم وتارەی لە چوارچێوەی بەرنامەی لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی "گرووپی مێژوو" سەر بە بەشی زانستە مێژوویی-زمانناسییەکانی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا، بەناوی "نەتەوە و دەوڵەت لە مێژووی جیهاندا" نووسیبوو کە پاش کۆچی دوایی لە لاپەڕەکانی ٢٦٦-٢٨٠ی پەڕتووکی "دەوڵەت، کۆمەڵگا، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا"[2] لە ساڵی ٢٠١٤ لە مۆسکۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

تێبینییەکانی وەرگێڕ چ لە دەقەکەدا و چ لە ژێرنووسەکاندا لەنێو دوو کەوانی راست [ ] و یان بە "-. وەرگێڕ" لە تێبینییەکانی نووسەر جیا کراوەتە.

---

[1] ئەو کوردناسە بەناوبانگە کە تەواوی ژیانی زانستی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و ناساندنی مێژووی کورد تەرخان کردبوو و پتر لە ٥٠٠ بابەت، وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام داوە، لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ و لە پشت مێزی کارەکەی لە بەشی کوردناسیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا کتوپڕ دڵە گەورەکەی راوەستا و ماڵاوایی لە ژیان کرد. دیارە ئەم بابەتە پێش ئەو ڕێکەوتە نووسراوە. -. وەرگێڕ.

[2] ISBN 978-5-89282-571-9

له ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم لە مێژووناسیی وڵاتانی بیانیدا [مەبەست دەرەوەی رووسیایە]، سەبارەت بە تیۆری ناسیۆنالیزم و هەروەها ناسیۆنالیزمی کورد، باسێکی گەرموگوڕی زانستی دەبێتە باو و رێبازێکی[3] زۆر نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بوارە سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە، "بێنێدیکت ئەندێرسۆن" لە کتێبی "کۆمەڵگا خەیاڵییەکان، بیرۆکەیەک سەبارەت بە پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزم" (١٩٨٣)[4] جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئامرازە پەیوەندییەکانی سەردەم، چاپ، رادیۆ و شریتی تۆمارە دەنگییەکان، تا رادەیەکی زۆر یارمەتی سازدانی "نەتەوەی" کورد، وەک "کۆمەڵگایەکی خەیاڵی" داوە. ئەوەش کۆمەڵگایەکە کە ئەندامەکانی هەرگیز یەکتریان نەدیتووە، بەڵام لەوە دڵنیان کە بوونی هەیە. نووسەر پێی وایە سەدان ساڵە "کۆمەڵگا خەیاڵییەکەی" کوردان بوونی هەیە، بەڵام پێناسەکەی هەنووکە

[3] Methodology.- وەرگێڕ
[4] Anderson B. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. L. 1983. P. 15. -. نووسەر

ڕێکوپێک دەکرێ. بە بۆچوونی "ئەندێرسۆن"، ناسیۆنالیزمی ناسراو و فەرمی بریتی بووە لە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتان و دەسەڵاتدارە ئاریستۆکراتەکان کە لە ترسی پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی خۆجێیی پەیدابووە. سیستەمگەلی پەروەردە، پرۆپاگەندە، سازکردنی مێژوو بەفرتوفێل و میلیتاریزم ناسیۆنالیزمی فەرمی لەسەر دامەزراوە و دەبێتە بناخەی سیاسەتی دارودەستە ئێتنیکی و سیاسییەکانی نۆخبەی داسەپاو. بە بۆچوونی "ئەندێرسۆن"، بەگشتی ناسیۆنالیزمی فەرمی هۆکاری یەکەم و سەرەکییە بۆ پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی خۆجێیی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەی بۆ سەربەخۆیی هەوڵ دەدەن[5] و بە تایبەتی پێی وایە کە ئەو ڕەوتانەی کە ناسیۆنالیزمی تورک لە سەردەمی کەمال ئاتاتورک و سیاسەتی نێوەندخوازانەی ڕەزاشا لە ئێران و هەڵسوکەوتە ناسیۆنالیستییەکانی سەردەمی فەیسەڵ لە عێراق لەپێشیان گرتبوون، پەرچەکرداری پێکهاتە ئێتنیکییەکان (ئەوانەی لە دسەڵاتە داسەپاوەکاندا بێ بەشکرابوون) لەدووای خۆی هێنا و گومان لە پلەوپایەیان لەهەمبەر کۆمەڵگا ئێتنیکی و ئایینییەکانی دیکەدا بۆ سازکردن و بوون بە هۆی پێکهاتنی فاکتەری گەشەی خۆاگایی نەتەوەیی ئەو پێکهاتە ئێتنیکییانە. بۆ نموونە لە تورکیا، کوردیان کرد بە "تورکی شاخی" و حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد

[5] Anderson B. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. L. 1983. P.107. -. نووسەر

کرا. لە عێراق، پرۆژەگەلی ناسیۆنالیستییانەی فەیسەڵ بە پشتیوانی بریتانیا، ڕێگای بە پەرەپێدانی زمان و کولتووری کوردی نەدا. هەوڵێکی هاوشێوەش لە سیاسەتەکانی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی پەیدابوو کە بە چاکسازییەکانی خەریکی سازکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەردەمیانە بوو.

"بێنێدیکت ئەندێرسۆن" بنەماکانی تیۆری "کەسانی داڕێژەر"[6]ی پەرەپێدا و لە پێکهاتنی نەتەوە و شوناسی نەتەوەییدا، مەرجی هەبوونی ناسیۆنالیزم ڕەتدەکاتەوە. ناسیۆنالیزم بۆ "دارێژەرانی"، بریتیە لە بەرهەمی "سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی لەسەر بنەمای فرتوفێڵی سیاسی و دیاردەیەکی هاوچەرخە". بەپێی تیوری "دارێژەران"، تازەگەریی لە نەتەوە و شوناسی نەتەوەییدا، ماکەی گشت لێکدانەوەکانی پەیدابوونی ناسیۆنالیزم پێکدێنێ.

ئەگەرچی "ئەندێرسۆن" پێڕانەگەیشت بناخەیەکی پتەو بۆ چەمکی ناسیۆنالیزم داڕێژێ، بەڵام توانی سرنجی لێکۆڵەڕان بۆ لای گەلێک پرسی گرینگ رابکێشێ. بۆ نموونە، سەبارەت بە رۆڵی رووناکبیرانی دووزمانە لە کۆمەڵگای کوردیدا و هەروەها سەبارەت بە شوێندانەریی زمانی گشتگیری نەتەوەیی و وێژەیی لە پەرەسەندنی خۆاگایی نەتەوەیی و لە پێکهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەییدا و هتد.

---

[6] Constructivist مەبەست لەو سانەیە کە بیردۆز و دارێژەری ناسیۆنالیزمن.- وەرگێڕ.

بیرۆکەی "کۆمەڵگای خەیاڵی" کوردان، لەلایەن دوو کوردناسی ئەورووپی، "مارتین ڤان برۆنسێن"[7] و "دێیڤید مەک داوڵ"[8] کەلکی لێوەرگیرا بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەیان کە یەکگرتنەوەی چوارپارچەی کوردستان بۆ پێکهێنانی "کوردستانی گەورە" سەر ناگرێ. ئەو دوو کوردناسە پێیان وایە کە رەوتی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی-نەتەوەیی کوردەکان تازە لە سەدەی ١٩ەوە دەستی پێکردووە و جیاوازییە کۆمەڵایەتی، ئایینی، زمانی و هتدی لە ناوچەکانی کورداندا گەلێک زۆرن و لەسەر رەوتی یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد کۆسپگەلێکی مەزنیان پێکهێناوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، کوردەکان ئاواتی خۆیان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی وەلا نەناوە و هێندێک رێکخراوی سیاسی کەڵک لەم ئاواتە وەردەگرن.

هەروەها لە کوردناسیی بیانیدا [مەبەست دەرەوی رووسیایە]، پێشوازییەکی بەرچاو لە بۆچوونەکانی "میرۆسلاڤ هرۆخ"[9] سەبارەت بە ناسیۆنالیزم کراوە. "میرۆسلاڤ هرۆخ" هەوڵیداوە بیرۆکەی "گەشەی خۆاگایی نەتەوەیی لەسەردەمانی کۆن"ەوە بسەلمێنێ. ئەو بیرمەندە پێی وایە، خۆاگایی نەتەوەیی

---

[7] Martin Van Bruinessen مرۆڤناسی هۆلەندیی، مامۆستای کوردناس و تورکناس لە زانکۆی ئۆترێخت و نووسەری کتێبەکانی "ئاغا، شێخ و دەوڵەت (١٩٩٢)". "ethno- Kurdish nationalism versus nation-building states (٢٠٠٠)"،. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

[8] David McDowall نووسەری کتێبی "مێژووی هاوچەرخی کورد" (١٩٩٥) کە برایم یۆنسی وەریگێڕاوەتە سەر فارسی بە ناوی "تاریخ معاصر کورد" کە تا ساڵی ٢٠٠٨، ٣جار چاپکراوە. -. وەرگێڕ.

[9] Miroslav Hroch مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کاڕل لە پراگ، پتر لە ٢٠ کتێبی لەسەر ناسیۆنالیزم نووسیوە. -. وەرگێڕ.

پێکهاتە نەتەوەییەکان بۆ ئەوەی ببێتە ماڵ و بگاتە رادەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێویستە چەند قۆناخێک لە پەرەسەندن تێپەڕ بکات. یەکەم، تاقمێکی سنووردار لە رووناکبیران دەستدەکەن بە بڵاوکردنەوەی بیری یەکگرتنەوە لەسەر بنەمای پەیوەندییە زمانی، کولتووری و مێژووییەکانی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و جیاوازی تایبەتمەندییەکانیان لەگەڵ گرووپە دەسەڵاتدارە داسەپاوەکان و یان پێکهاتەکانی دیکە. دووەم، ئەو تاقمە هەوڵدەدات رێبەڕایەتییەکی نوێ کە پشتگیری لە مافە نەتەوەیی‌یەکانی ئەو پێکهاتەیە دەکەنەوە، زەق بکەنەوە و زۆرترین لایەنگر کۆبکەنەوە. سێهەم، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات کە ئەوەش لەنێو خۆیدا باڵ و دروشم و بەرنامەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە[10].

وەک لەو بۆچوونانەی سەرەوە وەدیاردەکەوێ، لێکۆڵەرانی بیانی [دەرەوەی رووسیا] لە نووسراوەکانیاندا بەشێوازی جیاواز شوناسی کورد و پێکهاتنی نەتەوی کورد لێکدەدەنەوە[11]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە زۆربەی توێژەران بەتایبەت

---

[10] Hroch M. From National Movment to the Forward Nation // New Left R. Review. 198 (March – April 1993). P. 3-20 -. نووسەر

[11] بۆ نموونە بروانە:

Mohamad m. A. Ahmad [Hama Jamal]. Iraqi Kurds and Nation-Building. New York, 2012،

هەروەها:

Van Bruinessen and Martin van Bruinessen. Kurds and Identity Politics. L,. 2013 /

و:

Mahir A. Aziz. The Kurds of Iraq: Ethnonationalism and National Identity in Iraqi Kurdistan. 2011.- نووسەر.

جەخت لەسەر دەوری یەکگرتووکەرەوەی زمانی کوردی دەکەنەوە. ئەوەش نیشانەی زۆرتر بوونی هەوڵەکانە تا ئیتر بۆ پرسی شوناسی کورد لە پێوەری "زمانناسیی ئێتنیکی"[12] کەڵک وەربگیرێ. بۆ نموونە عەباس وەلی، سیاسەتناسی[13] کورد و پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزمی کوردانی ئێران پێی وایە کە جیاوازی ئێتنۆزمانی کوردی ئێران لەگەڵ ئاڵاهەڵگرانی ناسیۆنالێزمی فەرمی (واتە ئێرانی)، رۆڵی سەرەکی لە یەکگرتنەوەی کۆمەڵانی[14] کورد و لە رەوتی ئاوێتەبوونی[15] نەتەوایەتی ئەو کۆمەڵانەدا هەبووە. دەسەڵاتدارانی ئێران تەنانەت لە ٤٠ەکانی سەدەی ٢٠ەمەوە، حاشایان لە جیاوازی زمانی کوردانی ئێران کردووە. بە گوتەی عەباس وەڵی، بەرخۆدانی کوردانی ئێران لەبەرامبەر گوشاری ئتنۆسی[16] باڵادەستی ئێران، خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان و ئازادی زمانی کوردی لێکەوتۆتەوە. ئەو بەرخۆدانەی کە کورد بۆ زمان و شوناسی کوردی لەچوارچێوەی مافە نەتەوەیی‌یەکاندا

---

[12] Ethnolinguistics.- وەرگێر

[13] Political scientist

[14] Community.- وەرگێر

[15] Integration.- وەرگێر

[16] Ethnos کۆمەڵێکە لە مرۆڤەکان کە ئەندامەکانی پێکەوە لە ڕێگای میراتێکی هاوبەش کە یان ڕاستەقینەیە یان فەرزکراوە دیاریدەکرێن. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

ئەنجامیدا، ڕەوایی سیاسی بەو مافانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەخشی[17].

لەلایەن زۆربەی پسپۆڕانی بەناوبانگی رووس، وەک مینۆرسکی، ئاماژە بە گرینگی دەوری زمان بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد کراوە. ئی. ئا. سمیرنۆڤ مامۆستای پەیمانگای زمانەوانی سانکت پێتربوورگ دەڵێ: "سەرەڕای بەربڵاویی و جیاوازی لە زاراوە کوردییەکاندا، هەر هەموویان بناخەیەکی هاوبەشیان هەیە کە سەرچاوەکەی دەگاتەوە زمانە ئێرانییەکان و تا ئێستاش هەموویان رایەڵەیەکی هاوبەشیان راگرتووە و ئەوەش بۆتە ماکەی بنەڕەتی بۆ بەردەوامی و پایەداریی زمانی کوردییە کە خودی کوردەکان وەک زمانێکی تاقانە پێناسەی پێدەکەن"[18].

کوردناس و زمانناسی بەناوبانگی رووسیا، "زارا یوسوپۆڤا"ش پشتگیری لە بیرۆکەی بنەڕەتی بوونی پێوەری زمانی ئێتنیکی لە رەوتی یەکگرتنەوەی نەتەوەییدا دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو زاراوەکانی کوردی یەک داڕشتی هاوبەشیان هەیە و ئاماژە بە گرینگی زاراوەی کرمانجی دەکات[19].

پرسی پێکهاتنی نەتەوە هاوچەرخەکان و ناسیۆنالیزم، هەروەها لەنێو مێژووناسانی هاوچەرخی رووسیاشدا کاردانەوەی

---

[17] Valy A. Kurds and State in Iran. The Making of Kurdish Identity. L., Introduction.-نووسەر

[18] ئی. ئا. سمیرنۆڤا، کوردەکان: چارەنووس، کولتوور، زمان \\ کوردستانی نوێ، ژمارە ١-٢ (١٨- ١٩). ١٩٩٩.-. نووسەر.

[19] لە وتارێکیدا بەبۆنەی "سێهەم خوێندنەوەی لازاریف". مۆسکۆ. ٢٠١٢. -. نووسەر.

هەبووە. لەم پەیوەندییەدا لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش کە لەلایەن پەیمانگای ئێتنۆلۆژی و ئانترۆپۆلۆژی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا بەناوی "ناسیۆنالیزم لە مێژووی جیهاندا" ئەنجامدراوە، سرنج راکێشە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە درۆستی جەختکراوەتەوە کە: "لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزم یەکێکە لە پرسە زانستییە گرینگەکان... چونکە گوتاری ناسیۆنالیستی بە درێژایی نزیک بە دووسەد ساڵە لە جیهاندا هەر بەردەوامە و گەلێک هەڵسوکەوتی ناسیۆنالیستی لێکەوتووتەوە و بۆ ژیانی هاوبەشی گەلێک وڵات و ناوچە، گرینگییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە. لێرەدا دەکرێ ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی هزری و کردەوەیەکی سیاسی هەڵقوڵاو لەو هزرە پێناسە بکەین. لەسەر ئەو بنەمایە، کۆمەڵانێکی یەکگرتوو کە بە نەتەوە دەیانناسین، بریتیین لە تاکە بناخەی رەوا بۆ رێکخستنی دەوڵەتەکان و پێکهێنانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو دەوڵەتانە و لێرەدا ئەندامانی نەتەوەش دەبێ لەخۆبوردوویی خۆیان پێشان بدەن، دەوڵەت و رێبەرانی خۆیان لەسەرووی هەمووان دابنێن تا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن"[20].

میخاییل لازاریڤ، مێژووناس و کوردناسی بەناوبانگی رووسیاش هەوڵی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرسانە تەرخان کردووە و پێیوایە کە کوردەکان بوونە "قوربانی ژێئۆپۆلۆتیک" و

[20] ناسیۆنالیزم لە مێژووی جیهاندا. مۆسکۆ. ٢٠١٠. ل. ٣. -. نووسەر.

نەیانتوانیوە دەوڵەتێک، تەنانەت ئەگەر لە شێوەی هێندێک میرنشینی سەربەخۆش بێ، دامەزرێنن. ئەم پسپۆڕە زۆر بە دروستی دەڵێ: "بە درێژایی سەدان ساڵ لە بوونی ئێتنۆسی کورد، رێبازێکی کەمتاکورت روون بۆ ناسیۆنالیزمی کورد چ وەک ئیدیۆلۆژی و چ وەک سەرکردایەتێکی سیاسی کارامە بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی پێکنەهاتووە کە شایستەی ئەو خەباتە بێوچانە بێ کە گەلی کورد لەو وڵاتانەی تێیدا دەژی لە پێناو مافە حاشالێنەکراوەکانی خۆیدا پێ هەستاوە"[21].

لازاریڤ پێیوایە کە: "ئەو شوناسە نەتەوەییەی کە کورد لەخۆی پێشانی دەدا و ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ ئازادی هەیەتی و ئەو پێداگرییەی کە بۆ ملکەچنەبوون لەبەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە بەهەر بیچمێکەوە دەیکات و لەرووی هەمەلایەنی و سامانییەوە ئەو کولتوورە خەڵکییە دەگەمەن و تاقانەیە کە هەیەتی ... هەموو ئەوانە رێگامان پێدەدات تا ناسیۆنالیزمی کورد وەک دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ پێناسە بکەین..."[22]. لازاریڤ دەڵێ ئەو خەباتەی کە لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩دا کوردان لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی هەڵیانگیرساند، دەبێ وەک گرینگترین و سروشتیترین بەشی رەوتی گەشەی نەتەوەیی

---

[21] "خوێندنەوەی لازاریڤ". بەرگی ١. مۆسکۆ، ٢٠١٢، ل. ٤٧. -. نووسەر. [ئەو بابەتە لە ژێر ناوی "ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی نزیک" لە لایەن وەرگێری ئەم دەقە کراوە بە کوردی.-وەرگێر]

[22] هەمان سەرچاوە و لاپەرە.-.نووسەر.

لە ئێتنۆسی کورد دا هەڵیسەنگێنین کە تا قۆناخی پێکهاتنی نەتەوەی کورد لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا درێژەی هەیە[23].

ئەو ئاماژانەی سەرەوە تەنیا هێندێک لە بەرهەمەکانی سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کورد دەگرێتەوە. دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە نووسراوەکان لەم بارەدا گەلێک بەربڵاون و بێگومان پێویستە لێکۆڵینەوەی تایبەتیان بۆ ئەنجام بدرێ.

کەوابوو، لە ٢٥ ساڵی کۆتایی سەدەی ٢٠م، پرسی یەکگرتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێتنیکیدا سرنج و لێکدانەوەی لێکۆڵەرانی بیانی و رووسی بۆ لای خۆی راکێشاوە . ئەوەش تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە دامەزراندنی خودموختاری کوردستانی عێراق لەسەر بنەمایەکی سیاسی نوێ لە ٩٠ەکانەوە هەیە. چەسپاندنی مافی نیوەسەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە یاسای بنەڕەتی [دەستووری] عێراقی فیدڕال لە ساڵی ٢٠٠٥ و هەروەها ئەو گەشەسەندنە سیاسی و ئابوورییەی کە لە کوردستانی عێراق روویان داوە، رێگاخۆشکەرێک بوون بۆ ئەو بەشەی کوردستان تا نەخشی سەرەکی لە رەوتی یەکگرتنەوەی کوردان لە کوردستانی ئێتنیکیدا وەدەست بێنێ. ئیتر کوردانی وڵاتانی رۆژاوای ئاسیا وەک هێزێکی سیاسی سەربەخۆ و شایستەی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، سەریان هەڵداوە.

---

[23] هەمان سەرچاوە ل. ٩٦-٩٧. -. نووسەر. [ئەو بەشە لەم سەرچاوەیە لە ژێر ناوی "چەمکەکانی مێژووی کورد" لە لایەن وەرگێری ئەم نووسراوەیە کراوە بە کوردی.-. وەرگێر]

## هێندێک تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد

پاش ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی لەسەر ئەم ئیمپراتۆرییە، هێندێک وڵات لە رۆژاوای ئاسیا (تورکیا، عێراق، سووریا) لە شوێنگەی ژیانی کورداندا[24] چێبوون و رەوتگەلێکی تایبەت بە گەشەی نەتەوایەتی لەو وڵاتانەدا دەستی پێکرد و ناوچەکانی کوردانیشی گرتەوە، بەڵام کوردەکان ئامادەیی و حەزێکی ئەوتۆیان بۆ تێکەڵبوون لەو رەوتە تازەگەرییانە لەو وڵاتە نوێیانەدا لەخۆیان نیشان نەدا، چونکە رەوتی دابەشکارییە ئێتنیکییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، دژی ویست و ئاواتەکانی کوردان بوو.

ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی دوو روخسار پەیدادەکات: روخساری یەکگرتووانە و روخساری پارتیکولیارییی[25]. سەرکردە کوردەکان لە لایەک سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان بە سەرەکیترین پرسی گشتگیری کورد دادەنێن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئامانجێکی پارتیکولیاری تەرخان دەکەن. واتە لەپێناو دامەزراندنی خودموختاری کورد لە شوێنگەی ژیانی کوردان لە تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران خەبات دەکەن.

---

[24] لە نووسراوەکاندا بە کوردستانی (باکوور) تورکیا، (باشوور) عێراق، (رۆژهەڵات) ئێران، (رۆژاوا) سووریا، ئاماژەی پێدەکرێ. -. نووسەر.

[25] Particularism ناوچەگەرایی، خۆتەوەری، پەرشوبڵاوی، جیاوازی دانان. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

ناسیۆنالیزم لە ناوچەکانی کوردانی ئەو وڵاتانەدا، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، رکابەریی یەکتر ناکەن و بەشێوەیەک لە شێوەکان تەواوکەری یەکترن، "و تابلۆیەکی هەمەرەنگی ژیانی هاوچەرخی کوردستانێکی لە رووی مێژوویی چوارپارچەکراو، بەڵام لە رووی ئێتنیکییەوە یەکپارچە، نیشان دەدەن و لە راستیدا هەموو پارچەکان لەپێناو ئامانجێکی سەرەکی و کۆتایی، واتە یەکگرتنەوەیان لە یەک دەوڵەتی سەربەخۆدا هەوڵ دەدەن"[26].

## ناسیۆنالیزمی پارتیکولیاریی

لە ساڵی ١٩٩١، کاتێک لە کوردستانی عێراق "هێڵی دژەفڕین" راگەیەندرا، رەوتێکی گۆڕانکاریی لە ناسیۆنالیزمی کورددا دەست پێدەکات. کوردانی عێراق رێبازی نەتەوەیی خۆیان لە بیرۆکەی سۆسیالیستی جیادەکەنەوە و هەروەها واز لە دامەزراندنی خێرای "کوردستانی ئازاد" دێنن. رێبەرانی کوردی عێراق بەهیوای پشتیوانی رۆژاوا، رەوتی گەشەی نەتەوەیی‌یان لەژێر ئاڵای دێموکراسی دەگرنەبەر. رێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی کورد روو لە رێباز، بەها و هزری لیبڕاڵییە رۆژاواییەکان دەکەن. ئەو گۆڕانکارییە لە رێبازی کوردانی عێراقدا، بەتایبەت بە ناوەڕۆکی مرۆڤدۆستانەکەی و پەیوەندی لەگەڵ لێبراڵ دێموکراتەکانی رۆژاوا، گۆڕانی "کوردایەتی" (ناسیۆنالیزمی کوردی) لێدەبێتەوە.

[26] "خوێندنەوەی لازاریف". بەرگی ١. مۆسکۆ، ٢٠١٢، ل. ٥٠. -. نووسەر.

ئەو ڕێکخراوانە شێوازێکی نوێی خودموختاری لەسەر بنەمای هاوپەیمانی و هەڵبژاردنی دێموکڕاتیکی جومگەکانی دەسەڵاتی کوردستان دەگرنەبەر. هەروەها ژیانی هاوبەشی کوردانی کوردستانی عێراق لەگەڵ شارومەندانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، یارمەتی ناسیۆنالیزمی کوردی دا تا بە ئاڕاستەی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان، گەشە بکات[27].

گونجاندن و دانپێنانی خودموختاری کوردستانی عێراق لە یاسای بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا ڕێگای بۆ پەرەسەندنێکی خێرا و فراوانی سیاسی و ئابووری ناوچەی کوردان خۆشکرد و حکوومەتێکی هەرێمی دامەزرا، سەرۆکی بۆ هەڵبژێردرا (مەسعوود بارزانی) و ئاڵا و نیشانی حکوومی و سروودی بۆ پەسەندکرا. هاوکات، پشتیوانییە نێونەتەوییەکان و هاوپەیمانەتی لەگەڵ بەرەی بریتانیا-ئەمریکا نەبوونە هۆی گێرەوکێشە لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردانی عێراقدا. هەرێمی کوردستانی عێراق هەلێکی بێوێنەی بۆ ڕەخسا تا لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵگرێ، بەڵام هێشتا بنەماگەلێکی کۆنەپەرەستانە (بنەمای خێڵەکان، بنەماکانی توندئاژوویی سیاسی کوردی و هتد.) لەو کۆمەڵگایەدا هەر ماونەتەوە. دەسەڵاتی تاقم و دەستە نافەرمییەکان و پەیوەندییە خێڵییەکانی نێو حیزبە سیاسییە

[27] Denise N. The Kurds and the State. Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran. New-York. 2005. P.64

پێشڕەوەکان لە جموجۆڵی بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا نەخشێکی کارا دەگێڕن. سەرەڕای ئەمانە بژاردەکانی نەتەوەی کورد لەسەر دامەزراندنی فیدراڵیزم پاش سەدام، ڕەزامەندیان نیشان دا و ڕێبازێکی نوێی ناسیۆنالیستانەیان بۆ نیوەسەربەخۆیی هەرێمەکەی خۆیان گرتۆتەبەر.

ئەمڕۆ کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی ئابووری هەوڵ دەدا و ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی گرژی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدای. بۆیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ بەغدا هێزێکی سەربازی تایبەتی بەرەو کەرکووک ڕەوانە دەکات. مەسعوود بارزانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق نووری مالکی و تاقمی دەوروبەری لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە کوردەکان - کە خۆیان بە دانیشتووانی عێراق دەزانن - بە دیکتاتۆر تۆمەتبار دەکات. بارزانی هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە جێگیرکردنی هێزە سەربازییەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان، کورد پاشگەز نابێتەوە لە ویستی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە یاسای بنەڕەتی [دەستووری] عێراق. سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتیوانی خۆی بۆ سوپایەکی یەکگرتووی عێراقی ڕادەگەیێنێ و دەڵێ ئەو سوپایە دەبێ لە خزمەت تەوای گەلی عێراقدا بێت نەک بۆ بەرژەوەندی

تاکە کەسێک، و داوادەکات فەرماندەی ئەو هێزە تازەپێکهاتووە لە هەموو بەرپرسیارێتییەک دوور بخرێتەوە[28].

تێکچوونی وتووێژی نێوان سەرکردە سەربازییەکانی کورد و وەزارەتی بەرگریی عێراق، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. وەزارەتی بەرگریی عێراق مل نادا بۆ داواکاری کوردەکان سەبارەت بە وەلانانی فەرماندەی ئەو هێزە تازەدامەزراوە و پێکهێنانی فەرماندەییەکی هاوبەش بۆ کۆنتڕۆڵکردن و دابینکردنی ئاسایش لە کەرکووک و دوز. لێرەدا کوردەکان بە درێژەپێدانی وتووێژەکان رازی دەبن و داوا لە بەغدا دەکەن تا "بگەڕێتەوە سەر بنەماکانی دەستوور"[29]. جەلال تاڵەبانی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی لایەنەکان و چارەسەریی کێشەگەلی هاوشێوە، نەخشی ئەرێنی دەگێڕن.

بارودۆخ لە کوردستانی تورکیا زۆر هەستیارە. کوردانی تورکیا داخوازی پشتیوانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و بنکە سیاسییەکانی ئورووپا لە مافەکانی خۆیان دەکەن و بەردەوام داواکارییەکانی خۆیان رادەستی "رێکخراوی مافی مرۆڤ" دەکەن کە ٣٤ بنکەی لە تورکیا داناوە. ئەو رێکخراوە چالاکییەکانی خۆی بۆ چاوەدێری مافی مرۆڤ لە کوردستان

---

[28] http://ekurd.net/mismas/articles/misc2012/12/state6672.htm . نووسەر-

[29] http://ekurd.net/mismas/articles/misc2012/12/state6671.htm .نووسەر-

لەگەڵ لەندەن و پاڕلمانی ئورووپا و چاودێرانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ هەماهەنگ کردووە[30].

تێکەڵبوونی ڕێکخڕاوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە پرسی کورد لە کوردستانی تورکیادا، تایبەتمەندیی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیای پێکهێناوە. بژاردەی کورد لە تورکیا لە کەنار راپەڕین و داخوازییان بۆ خۆسەری، لە بواری دێموکراسی و مافی مرۆڤیش چالاکییەکانی خۆیان چڕکردۆتەوە. ئەگەرچی نەیانتوانیوە وەک کوردانی عێراق ڕێکخڕاوگەلێکی ناسیۆنالیستی خودموختاریخوازانە پێکبێنن، بەڵام تا رادەیەکی زۆر توێژێکی کارا و چالاکیان لە ژیانی سیاسی تورکیا پێکهێناوە و توانیویانە کۆمەڵانی بەربڵاوی کورد لێکگرێ بدەن و ڕێکیان بخەن.

هاوکات سیاسەتی پەراوێز خستنی سیاسی و ئابووری کورد لە تورکیا بەردەوامە. رەوتی دێموکراتیزاسیۆنی ئەو ناوچانەی پرانی کوردن، زۆر بە ئەسپایی دەچێتە پێش و ڕێگا بە کوردان نەدراوە کاروباری ناوچەکانی خۆیان لە فەرمانگە ئیدارییەکانی ناوچەکانیان بەڕێوەبەرن و هەروەها لە خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بێبەشکراون. ئەو زەخت و گوشارەی دەسەڵاتدارانی تورکیا، کوردانی بۆ کۆچکردن بەرەو وڵاتانی

---

30 Denise N. The Kurds and the State. Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran. New-York. 2005. P.171.-نووسەر

ئورووپای ڕۆژاوا هان داوە و لە وڵاتانی ڕۆژاوادا ڕادەیەکی بەرچاوی دیاسپۆرایان پێکهێناوە.

کوردانی تورکیا بێبەش بوون لەو دانپێنانە نێونەتەوەیی و پشتیوانی سیاسییەی کە لە کوردانی عێراق دەکرێ. نزیکبوونەوەی تورکیاش لە ڕۆژاوا کۆسپی خستووتە سەر هەوڵەکانی دیاسپۆرای کورد لە ئورووپا بۆ ڕێکخستنی کوردان لە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوودا. لەژێر گوشاری تورکیادا بەردەوام کاناڵە تەلەڤیزیۆنەکانی کوردی دادەخرێن. ئاڵۆزی و توندوتیژی نێوان دەسەڵاتدارانی تورکیا لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان کە ڕێبەرەکەی، عەبدۆڵڵا ئۆجەلان لە بەندیخانەدایە، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بۆتە لەمپەر بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا.

بارودۆخی کوردستانی سووریا بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی سووریا، گەلێک ئاڵۆزە و هێشتا ئاسۆی چارەسەریی پرسی کورد لەوێندەرێ ناڕوونە. کوردانی سووریا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە دەستووردا و دامەزراندنی خودموختاری کولتووری پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس داوای ڕاپرسی دەکەن. لەم بارەدا حەمید دەروێش، سکرتێری پارتی دێموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سووریا دەڵێ، بەهۆی هەستیاری هەلومەرجی سووریا، زۆر دژوارە نموونەی ئەزموونی کوردی عێراق لە سووریا جێبەجێ بکرێ. کوردانی سووریا بۆ خۆبەڕێوەبەری لە چوارچێوەی

یەکگرتوویی فیدراڵی لەسەر بنەمای "لامرکزی" خەبات دەکەن. سەبارەت بە ئەگەرەکانی وەدەستهێنانی مافی کوردانی سووریا، تەنیا پاش چارەسەریی قەیرانی سووریا دەکرێ هەڵسەنگاندن بکەین.

سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ئێران و هەروەها نەبوونی نوخبەیەکی کوردی نەتەوەیی کارا، وێدەچی پێشی بە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد لە نێوخۆی ئێران گرتبێ. هەزاران کوردی ئێران بەرەو ناوچە سۆرانی‌نشینەکانی کوردستان عێراق کۆچیانکردووە. لەم پەیوەندییەدا ئەو کوردانەی ئێران کە بە کرمانجی دەئاخڤن لە هاموشۆ لەگەڵ کوردانی عێراقدا دووچاری تەنگەژە بوونەتەوە. چالاکڤانانی حیزبە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان کە لەوێندەرێ جێگیربوون، بەئاشکرا دەڵێن خەریکی ئامادەکردنی پێشمەگەکانیانن بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵسوکەوتی خۆیان لەگەڵ هەوڵە نەتەوەییەکانی کوردانی عێراق گرێ نەداوە. دەسەڵاتدارانی ئێران گوشاریان بۆ مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی هێناوە تا پێش بە چالاکی وێستگەی رادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگرن و رێگا بە هێزە سەربازییەکانی ئێران بدەن تا لەسەر سنوورەکانی ئێران-عێراقدا لە رووی ئابووری و سیاسی کاردانەوەیان هەبێ.

ئەگەرچی رێکخراوە بەرهەڵستکارەکانی کوردستانی ئێران لە خاکی عێراقدا جێگیربوون، بەڵام لە رێگای رێکخستنە نهێنییەکانیانەوە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردانی ناوخۆی ئێران بەردەوامە و بوونەتە پردی پەیوەندی نێوان کۆمەڵانی کوردی ئێران و رێبەرانی حیزبە سیاسییەکان. جگە لەمە، کوردانی ئێران ئەو هەلەیان بۆ رەخساوە تا بۆ سەردان و یان چالاکی ئابووری، هاتوچۆی هەرێمی کوردستانی عێراق بکەن و پەیوەندی بە رێبەرایەتی حیزبە کوردییەکان بگرن و دیارە لێرەدا حیزبەکانیش لە کاردانەوەی پرۆپاگەندە بەرهەڵستکارییەکانی خۆیان ئاگادار دەبنەوە و پەیوەندییەکی دوو لایەنە ساز دەبێ[31].

کەوابوو، لەراستیدا هاوسەنگییەکی جوگرافی، ئابووری، کولتووری، زمانی و ئایینی لە کوردستانی ئێتنیکی هاوچەرخدا بوونی نییە. ناسیۆنالیزمی کورد و رەوتی پێکهاتنی نەتەوەی کورد بەپێی تایبەتمەندییەکانی هەریەک لەو دەوڵەتانەی کە کورد لە پانتاییاندا دەژی، پەرەدەستێنێ. ئەو تایبەتمەندییە سەرەکی و جیاوازیکەرەوانەی کە لە کوردایەتی (لە ناسیۆنالیزمی کورد)یدا پەیدابووە و لە ژینگەی ژیانی کوردەکانی تورکیا، عێراق و ئێراندا زەق بوونەتەوە، لە ٩٠ەکانی سەدەی بیستەمەوە لەژێر کاردانەوەی فاکتەرە دەرکی و ناوخۆییەکاندا رووبەڕووی گۆڕانکاری بۆتەوە. ئەو لاوازبوونەی کە دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان، لەسەرەتا

---

[31] http://ekurd.net/mismas/articles/misc2012/9/irankurd881.htm . نووسەر-

دەوڵەتی عێراق و لە دەسپێکی سەدەی ٢١ەوە دەوڵەتی سووریا تووشی بوون، رەوتی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەپێناو خودموختاری سیاسی یان خودموختاری نەتەوەیی-کولتووری لەو وڵاتانەی کوردی بەسەردا دابەشبووە، خێراتر کردووە.

کورد بەو پارچەبوونە جوگرافییە و بەو سیستەم و بارودۆخە کۆمەڵایەتی-کولتووری، ئابووری و سیاسییە جیاوازانەی کە هەیەتی، رووبەڕووی پەرچەکرداری گەلێک فاکتەری هەمەچەشنە بۆتەوە کە لە کاتە جیاوازەکاندا بەشێوازی جیاواز، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون. چ لە رابردوو و چ ئێستا، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی خۆجێییدا ماوەتەوە. هەڵکشان و داکشانەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە پارچە جیاوزەکانی کوردستانی ئێتنیکیدا هەرگیز هەماهەنگ نەبووە، ئەوەش بۆتە هۆی نەبوونی هاوسەنگی لە گەشەی نەتەوایەتی کوردان لە هەر چوارپارچەی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا و دژوارکردنی رەوتی یەککگرتنەوە و یەکگرتوویی کورد چ لەسەر ئاستی ئەم وڵاتانە و چ لەسەر ئاستی ناوچەکەدا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، کورد بەدرێژایی سەدان ساڵ توانیوێتی پێناسەی نەتەوەیی خۆی رابگرێ و بەرگری لێ بکات.

کەوابوو، ناسیۆنالیزمی پارتیکولیاریی لە کوردستانی ئێتنیکیدا باڵادەستە. لە سەردەمی هاوچەرخدا گشت پانتایی ژینگەی

سیاسی ئەو وڵاتانەی کورد تێیدا دەژی، کەوتۆتە بەر تەوژمی دیاردەگەلێکی جیاوازی سیاسی نێوخۆیی و دەرەکی کە کاردانەوەیەکی بەهێزی بەرەو ئاراستەی لێکداپڕان و دژ بە یەکگرتنەوەی لێ کەوتۆتەوە[32].

هاوکات، بەهۆی گەشەی ئامرازەکان پەیوەندییەکانی هاوچەرخ کە یارمەتیان بە لێکگرێدانی[33] کوردان لە کوردستانی ئێتنیکیدا داوە، رەوتی جیهانگیریی و هاموشۆی کوردان بە بەزاندنی سنوورەکانی کوردستانی ئێتنیکی، پەرەی سەندووە.

## ناسیۆنالیزمی یەکگرتووانە[34]

پەیدابوونی پانتاییەکی بەرفراوان (هاوکات سنووربەزێن) بۆ پەیوەندییەکان بەهۆی کەلک وەرگرتن لە کەرەسە مۆدێرنەکانی وەک ئامرازە پەیوەندییە گشتییەکان [تەلەڤیژیۆن، رادیو و ...] لە تاراوگە و رێکخراوە ناحکوومییە نێونەتەوەییەکان و سیستەمەکانی پەیوەندی هاوچەرخ و هتد، کورد شێوازگەلێکی تازەی بۆ پشتیوانی وەرگرتن لە داخوازییەکانی و یان بۆ بەکارهێنانیان وەک کارتی گوشار لەپێناو ویستە نەتەوەییەکانی کەوتووەتە بەردەست. ئەو هەلە، بە پێچەوانەی مەیدانی سیاسی ناوخۆی وڵاتەکانیان، بە بەزاندنی گشت سنوورە دەوڵەتییەکان،

[32] Disintegration.- وەرگێر
[33] Consolidation.- وەرگێر
[34] Integral nationalism.- وەرگێر

مەیدانێکی پەیوەندی و هاموشۆی پێکهێناوە کە تێیدا ڕێچکە کولتوورییەکانی کورد یەکدەگرنەوە و لێکگرێدەدرێن. لێرەدا کوردەکان دەتوانن زۆر بەئاشکرا کێشە کەڵەکەکراوەکانی خۆیان بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بە بۆچوونی خودی کوردەکان، ئەو بەرهەم و دەسکەوتانەی کە هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتنی ئەو دیاردە سنووربەزێنە و هەم بە هۆی ئەو سنووردارکردنانەی کە بۆ پەیوەندییەکان لەو وڵاتانەی کورد تێیدا دەژین، پێکهاتوون، گەشە و پەرەسەندنی لکوپۆ ئێتنیکییەکانی کوردەواری (ناسیۆنالیزمی کورد)ی لێکەوتۆتەوە[35]. بۆ نموونە، ڕووداوەکانی سووریا لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٢ نەتەنیا کاریگەری هەبووە لەسەر یەکگرتوویی کوردانی سووریا، بەڵکوو بۆتە هۆی پشتیوانی کوردانی تورکیا و عێراقی بۆ ڕزگاری کوردانی سووریا لە دژی ستەمی دەسەڵاتی نێوەندخواز و خەباتیان لە پێناو مافی شارۆمەندیی و یەکسانی.

پەیوەندی (سنووربەزێن) و هاموشۆی هاوبەشی کوردان، بڵاوبوونەوەی کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کورد) لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی ئاسانتر دەکات و یارمەتی بە ناسیۆنالیستە کوردەکان دەدات تا بەئاشکرا پەرە بە چالاکی سیاسی خۆیان بدەن و بێ تەنگوچەڵەمە بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی خۆیان بڵاو بکەنەوە. هاوکاری کوردەکان لەگەڵ ڕێکخراوە گشتگیرە

[35] Denise N. The Kurds and the State. Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran. New-York. 2005. P.161.-نووسەر

نێونەتەوەییەکانی وەک "رێکخڕاوی مافی مرۆڤی کورد" و "رێکخڕاوی لێبوردەیی نێونەتەوەیی" و هتد، سرنجی بیروڕای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای پرسی کورد رادەکێشێ و باشتر ناساندنی ناسیۆنالیزمی کورد چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەرچی گەشەی کوردایەتی لە ۹۰ەکانی سەدەی ۲۰ەمەوە تەنێ لە چوارچێوەی چەند وڵاتێکی دیاریکراودا دەبیندرێ، بەڵام ئێستا بەهۆی هاموشۆ و پەیوەندییەکانی کوردان لە دەرەوەی شوێنگەی ژیانی کوردان لە وڵاتانی رۆژاوای ئاسیادا، گەشەی کوردایەتی ئاستێکی تازەتری پەیدا کردووە. لە عێراق ناسیۆنالیزمی کورد لە دەستووری وڵاتدا چەسپاوە و ئاستێکی دێموکراتیکی بەرزتری وەدەست هێناوە، لە تورکیاش، ئەگەرچی دان بە ناسیۆنالیزمی کورد نەنراوە، بەڵام بەهۆی چالاکی لەخۆبوردووانەی کوردان، هەروەها چالاکییەکانی ئامرازە پەیوەندییە گشتییەکان و رێکخراوە مافخوازە نێونەتەوەییەکان، کورد بە ئاشکرا دەردەکەوێ. لە ئێران بەهۆی سنووردارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان، کوردایەتی کۆتوبەند کراوە و تا رادەیەکی زۆر بۆتە هۆی لاوزبوونی ناسیۆنالیزمی کوردەکانی ئێران لە ئاست نێونەتەوەیی و نێوخۆیی.

لە کۆتایی ژانوییەی ۲۰۱۳دا، بەئامانجی پێشگرتن لە پەرەسەندنی قەیرانی سووریا و هەڵکشانی بەرەو

هاوکێشەیەکی بەربڵاویی ناوچەیی، "گرووپی قەیرانە نیونەتەوییەکان"[36] (Crisis Group-ICG International) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی ئێتنیکیدا بە دەرکردنی هێندێک رێنمایی بڵاو کردەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بەتایبەت ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمرۆ دوو ئاڕاستەی جیاواز لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبیندرێ کە مەسعوود بارزانی و سەرکردایەتی پ.ک.ک نوێنەرایەتی دەکەن. هاوکات ئەو دوو لایەنە، دوو "ئاڕاستەی بیرکردنەوە"[37] لەهەمبەر تورکیا بەڕێوەدەبەن: ئەربیل [هەولێر] لە پێناو وابەستە نەبوون بە بەغدا و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی ئابووری، پەرە بە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی خۆی لە گەڵ ئەنکارا دەدات. پ.ک.ک.ش پەرەپێدان بە وەدەستهێنانی مافە کولتووری و سیاسییەکانی کوردانی تورکیای گرتۆتوبەر. "گرووپی قەیرانە نیونەتەوییەکان" داوا لە هەموو هێزە جیاوازە سیاسییەکانی کوردستانی ئێتنیکی دەکات تا کێشەی کورد بە رێگای سیاسی و ئاشتیانەوە چارەسەر بکەن[38].

گۆڕەپانی هاموشۆ و پەیوەندییەکانی کوردانی ئێران بە پێچەوانەی کوردانی سووریا، زۆر بەرتەسکە. رێکخڕاوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەو رادەیەی کە پشتیوانی لە

---

[36] ICG رێکخڕاوێکی ناحکومی نێونەتەوەیی‌یە و نێوەندەکەی لە شاری برووکسێلی بلژیکایە. ویکیپێدیا. _. وەرگێر.

[37] Paradigma

[38] http://ekurd.net/mismas/articles/misc2013/syriakurd728.htm . نووسەر-

کوردانی سووریا، عێراق و تورکیا دەکەن، پشتگیریی لە کوردانی ئێران ناکەن. بەڵام بەرتەسکبوونی ئەو گۆڕەپانە بۆ کوردانی ئێران، نەبۆتە هۆی وازهێنان لە ڕێکوپێککردنی چالاکییە نەتەوەییەکانیان. کوردانی ئێران بە یارمەتی تاراوگەنشینەکانیان لە وڵاتانی ئورووپا بۆ ڕێکخستنی بەرنامەگەلی پەروەردەیی و کولتووریی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات هەوڵ دەدەن. زۆربەی کوردانی نێوخۆ بە کەلکوەرگرتن لە ئەنترنێت لە چالاکییە سیاسییەکانی ڕێکخڕاوە سیاسییەکانی کوردانی ئێران ئاگادار دەبنەوە. جگە لەمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپی بنکەی خۆیان دامەزراندووە و خەریکی چالاکی ڕاگەیاندن و ورووژاندنن.

بەڵام گۆڕەپانی گشتیی هاموشۆ و پەیوەندییەکان دوو ڕەهەندی لێدەبێتەوە. لە لایەک دەرفەتی لێک تێگەیشتن و وتووێژ بۆ کوردانی چوار پارچەکراوی کوردستانی ئێتنیکی پێکدێنێ و یارمەتی بە ڕەوتی یەکگرتنەوەی ئێتنۆپۆلیتیکی کوردان دەدات، ئەگەرچی زۆرجار نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بەتەواویی ڕێگری لە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیان دەکات. لە لایەکی دیکە، دەرگایەک بۆ ئاڕاستەی سیاسی دیکە دەکرێتەوە کە کاریگەریی لەسەر بیروبۆچوونی کوردان (لە دۆخی هەنووکەییدا دەکرێ بڵێین لەسەر بیروبۆچوونێکی نەتەوەیی لە حالی پێکهاتندا) دا دەنێ.

بەکورتی و بەگشتی دەکرێ بڵێین کە لە کوردستانی ئێتنیکیدا ئاڕاستەی دێموکراتی بەهێزتر بووە و لە بەشی عێراقییەکەیدا، بارودۆخ بۆ گەشەی کۆمەڵگای شارۆمەندیی پێکهاتووە. لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا کۆمەڵگای کورد و نوخبە سیاسییەکانی فێربوون چۆن ڕێوشوێنی مەدەنی و سەردەمیانە لە هەڵسوکەوتی سیاسی خۆیاندا بەکار بێنن و ئەوەش مانای دانپێنان بە سیستمی سەقامگرتووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی لێ دەبێتەوە.

بەڵام ناسیۆنالیزمی یەکگرتووانەی کورد هێشتا هەر لاوازە. جگە لە کوردستانی عێراق کە ئاپۆرای کورد بە یەکگرتوویی لە سێ پارێزگادا دەژین (ئەربیل [هەولێر]، سلێمانی، دهۆک)، کورد بە پەرتەوازەیی لە پانتایی کوردستانەکانی تورکیا، سووریا و ئێراندا نیشتەجێن. بۆیە میخاییل لازاریڤ دەڵێ: "دەکرێ کوردستان، بەلانی کەم وەک یەکەگەلێکی ئیداریی ئەو وڵاتە ئاماژەپێکراوانە بناسین کە زۆربەی جەماوەرەکەی کوردن و لەرووی ئەتنیکییەوە سەرجەمیان یەکەیەکی یەکگرتوو و لێکنەپچڕاویان پێکهێناوە، بەڵام ناوچەکەیان لەسەر نەخشە جوگرافییەکاندا بەشێوەیەکی فەرمی پێناسە نەکراوە"[39]. "فەریدە کووهی‌کەمالی"یش هەروەها پێی وایە کە نزیک بە پڕانی ئەو

---

[39] م.س. لارزاریڤ، خوێندنەوەی لازاریڤ// ناوچەی کورد. بەرگی ١. مۆسکۆ، ٢٠١٢، ل. ٦٧. -. نووسەر. [ئەو بابەتە لە ژێر ناوی "ناوچەی کورد" لە لایەن وەرگێڕی ئەم نووسراوەیە کراوە بە کوردی.-. وەرگێڕ]

ناوچانەی کە لەنێوان تورکیا تا سووریا، ئێران و عێراق دەگرێتەوە، دانیشتووانی بەتەواویی کوردن. بەڵام هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەرچی لە کوردستانی جوگرافیدا لەرووی رێژەوە دانیشتوانی کورد باڵادەستن، بەڵام گرووپگەلێکی دیکەی ئێتنیکی وەک عەرەب، فارس، تورک، ئازەربایجانی، لۆر و بەختیاری و هتد، لەگەڵیاندا دەژین[40].

بەڵام ئێستا ئاشکرایە کە کوردستانی ئێتنیکی هاوچەرخ لەباری ئێتنیکی "لەتوپەت" کراوە. سیاسەتی "بەعەڕەبکردن" لە عێراقدا کە بەتایبەت لەچەند قۆناخدا بەڕێوە چووە وایکردووە گەلێک ناوچەی بەتەواویی کوردنشین کە هەرگیز عەڕەبی لێ نەبووە، ئێستا بۆتە عەڕەبنشین. ژمارەیەکی زۆری کورد (هەروەها تورکمان و مەسیحی) بەزۆر بۆ ناوچەی دیکە راگوێزراون. ئەمەش بە مەبەستی لاوازکردنی کاردانەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی کورد لە باکووری عێراق و هەروەها بۆ دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی خودموختاریخوازانەی کورد ئەنجامدراوە. لە کوردستانی هاوچەرخی عێراقدا، کورد لە سێ پارێزگادا (ئەربیل [هەولێر]، سلێمانی و دهۆک) باڵادەستە و داوای گەڕانەوەی گەلێک ناوچەی پارێزگاکانی "تامیم"، 'نەینەوا" و 'دیالە" بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات.

---

[40] Fadide Koohi-Kamali. The Political Development of the Kurds in Iran. Pastoral Nationalism. N.Y., 2004. P.25. -. نووسەر

سیاسەتێکی هاوشێوەش لە دژی کورد لە لایەن رژێمی شا لە ئێرانیش بەڕێوەچووە. لەم بارەدا "عەباس وەلی" دەڵێ، خاکی کوردستانی ئێران چەندین جار کەوتووتە بەر دابەشکردن بەسەر پارێزگاکان و یان یەکە ئیدارییەکانی دیکە. لەئاکامدا پێکهاتەی کورد لە ئێراندا لەتوپەت کراوە. خاکی هێندێک لە ناوچەکانی لە نێوان چەند پارێزگا (پارێزگاکانی کوردستان، ئازەربایجانی رۆژاوا، ئیلام و کرمانشان) بەسەر ناوەندە ئیداری و دادوەرییە جیاوازەکاندا دابەشبووە[41]. ئەوەش وایکردووە کە کورد بەچڕی و پڕی لە هەردوولای سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراقدا چ لەباری زمانەوە (سۆرانی) و چ لەباری ئایینییەوە (مسڵمانی سونە) کۆمەڵانێکی یەکگرتوو پێکبێنن.

"مارتین ڤان برۆنسێن" ئاماژەی بە لێکترازان و پەرتەوازەیی ژیانی کوردانی تورکیای کردووە. ئەوەش دیارە بەدڵی دەسەڵاتدارانی تورکیایە کە سیاسەتی لەنێوبردنی جیاخوازی کوردیان گرتۆتەبەر. بە بۆچوونی "مارتین ڤان برۆنسێن"، پرانی کۆمەڵانی کوردی رۆژاوای تورکیا بە کردەوە خۆیان لە سیاسەتی توندئاژووانە دوور راگرتووە[42].

کورد لە سووریا ٨٪ ئاپۆرای ئەو وڵاتە پێکدێنێ و لە سێ ناوچەی باکووری ئەو وڵاتەدا دەژین. بەپێی بەدواداچوونی

---

[41] Op. Cit. Introdution.-. نووسەر [پێشەکەی هەمان سەرچاوە]

[42] Bruinessen M. van. The Kurds in Movement: Migrations, Mobilizations, Communications and the Globalization of the Kurdish Question// Islamic Area Studies Project, Tokyo. 199.p. 3.-. نووسەر

لێکۆڵەری بریتانیایی، "دێیڤید مەک داوڵ"، ئەو ناوچانە بە پلەی یەکەم بریتین لە "کورد داغ"[43] و عەفرین، ناوچە شاخاوییە دوورکەوتووەکانی باکووری رۆژاوای سووریا، ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئەسکەندەروونی تورکیا و بەشی هەرە کۆتایی فەلاتی ئەناتۆلی. بە پلەی دووەم، کوردەکان بەچڕیی لەسەر سنووری تورکیا، لە کۆنجی باکووری رۆژاوای جزێرە، لە دەوروبەری شاری جرابڵۆس[44] و بە پلەی سێیەمیش، لە باکووری رۆژهەڵاتی جزێرە، لە پارێزگای حەسەکە و بەشێکی زۆریشیان لە ناوچەی "راس العین"[45] بەرەو قامیشلوو تا "دێرک" نیشتەجێن[46]. ئەم ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا لە نووسراوە زانستییەکاندا بە کوردستانی سووریا (رۆژاوا) ئاماژەی پێدەکرێ. جگە لەم ناوچانە، رێژەیەکی زۆری کورد لە دیمەشق و ئالێپۆ [حەڵەب] دەژین.

جێگۆڕکێیەکانی ئاپۆڕای کورد و سەقامگیر نەبوونی شوێنی ژیانیان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەت لە ناوچە پڕ لە کێشەکان، لەرووی ناچاریی بووە و کاردانەوەی ئابووری و

---

[43] "چیای کوردان" یان "چیای کورمانجان" ناوچەیەکی شاخاوییە، لە پارێزگای عەفرینی رۆژاوای کوردستان و باکووری رۆژاوای سووریای ئەمڕۆ. سەر بە پارێزگای حەلەبە. عەرەبەکان لەچوارچێوەی بەعەرەبکردنی کوردستان ئەم ناوەشیان گۆڕیوە، لە سەرەتا کردیان بە(جبل العرب) پاشان لەبەر هەبوونی هەمان ناو لە سووریا ناچاربوون بیکەن بە (جبل حلب). ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

[44] "جەرابلوس" یان "کانیا دڵ" یان "گرگامێش" لە رۆژاوای کوردستانە و کەوتۆتە بەشی ڕۆژاوای ڕووباری فورات لە بەشی باکووری بەنداوی فورات و سنووری نێوان سووریا و تورکیا. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

[45] "سەرێ کانی".-. وەرگێڕ.

[46] McDowwell D. A Modern Historz of Kurds. L., 2004. P. 466

سیاسی زۆر جددیی لێکەوتووەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کۆچە ناچاری و یان دڵخوازانەی کوردستان تووشی بووە، جێگیربوونی ئاپۆرا لە کوردستاندا بەگشتی لە دۆخێکی سەقامگیردایە[47].

زۆربەی نووسەرانی بیانی پێیان وایە کە زمان دەوری هەرە سەرەکی هەیە لە رەوتی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کورددا. "فەریدە کووهی‌کەمالی" پێیوایە "بوونی زمانێکی هاوبەش رۆڵێکی گرینگی هەبووە لە پێکهاتنی هەستی پشتگیریکردنی کوردان لەیەکتر"[48]. ئەو نووسەرە بەتایبەت ئاماژە بە بۆچوونی "بێنێدیکت ئەندێرسۆن" دەکات کە گوتوویەتی "زمان بنەمایەکی بەهێز بۆ یەکگرتنەوە سازدەکات"[49].

لەدەسپێکی سەدەی ٢١دا، ئیتر هەست بە زۆرتر بەکار هێنانی کرمانجی دەکرێ. "مارتین ڤان برۆنسێن" دەڵێ، لە کۆتایی سەدەی ٢٠ەوە ژمارەی ئەو کوردانەی کە بە کرمانجی دەئاخڤن، بەرادەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کردووە. لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپی فێرگەی زمانی کوردی کرمانجی پەتی بۆ ئەو کوردانەی تاراوگەنشینن دامەزراوە کە زمانی یەکەمیان

---

[47] لازاریف م. س. چەمکەکانی مێژووی کورد // خوێندنەوەی لازاریف. بەرگی یەکەم. ل. ٩٠.-. نووسەر.
[48] Koohi-Kamali F. Op. Cit.P. 13. -. نووسەر
[49] Anderson B. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. L. 1983. P. 122. -. نووسەر

تورکی یان زازایی بووە و یان فێری زاراوەی کرمانجی پەتی نەبوون، بەڵام خۆیان بە کورد دەزانن[50].

سەرەڕای پەرەگرتنی بەرفراوانی کرمانجی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردانی هاوچەرخدا، بەڵام ئێستا ئەو زاراوەیە نەبۆتە زمانی یەکگرتوو و نۆرماتیڤی گشت نەتەوەیی، زمانێک کە بتوانێ لێکتێگەیشتن لە نێوان تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی گشتیی کوردستانی ئێتنیکیدا دابین بکات. تایبەتمەندییەک کە لە نێو کورد و لە سەرتاسەری کوردستاندا هەیە، بریتییە لە باوبوونی دوو زمان و تەنانەت چەند زمان بۆ ئاخاوتن. کوردناسانی بیانی و رووسی ئاماژەیان بەو تایبەتمەندییە کردووە. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە نابێ دەوری ئەو تایبەتمەندییە لە رەوتی یەکگرتنەوەی نەتەوەییدا زۆر گەورە بکەینەوە. لەو روانگەوە دەبێ لەگەڵ بۆچوونی میخاییل لازاریڤدا هاوڕابین کە دەڵێ: ئەو بنەما زمانییەی کە بتوانێ سەرکەوتووانە لە ئاست هەموو کورددا پەرە بە رەوتی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی کورد بدا و ئەم رەوتە بگەیەنێتە ئەنجامی[51]، هێشتا بناخەیەکی

---

[50] Bruinessen M. van. The Kurds in Movement: Migrations, Mobilizations, Communications and the Globalization of the Kurdish Question// Islamic Area Studies Project, Tokyo. 199. P. 13.-. نووسەر

[51] واتە نەتەوەی یەکگرتووی کورد پێکبێنێ. -. وەرگێر.

پتەوی پەیدا نەکردووە، دەسکەوتەکان لەم بوارەدا زۆرتر ئاڕاستەی پارتیکولیارییان هەیە"[52].

لەرووی ئایینیەوە کوردستانی ئێتنیکی، سەرەڕای باڵادەستی سوننەی توندڕەو، "بەشێوەیەکی گشتی فرەچەشنە و چەندها شێوازی موسڵمانێتیی تێدا بەربڵاوە. وەک، فیرقە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی، دەستەگەلی دەروێشەکان (قادری و نەقشبەندی و هتد.) کە لەلایەن شێخەکان، هاوکات رێبەرانی کاریزماتیکی هۆزەکان و کەسایەتییە ئایینییەکانی هەڵگری مەیلی خۆجیاکەرەوانە لەوانی دیکە، رێبەری دەکرێن"[53]. ناسیۆنالیزمی کورد شوناسێکی روونی ئێتنیکی پێوە دیارە و بەستێنە ئیسلامییەکە ناتوانێ تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەی لێ بستێنێ و بیسڕێتەوە[54].

کەوابوو، ناوچەکانی نێوان تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران کە بەپێی هاوبەشی خاک و زمان (بە باڵادەستی کرمانجی) و ئایین (ئیسلامی سوونە) و میراتە کولتوورییەکان، یەکگرتوویەکی ئێتنیکی کوردانی تێدا پێکهاتووە، پێگەی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی-زمانی و کولتووری کوردانی لە وڵاتانی رۆژاوای ئاسیا پێکهێناوە. کوردەکانی ئەو ناوچەیە وەک کوردانی رەسەنی ئاگا بە

---

[52] م. س. لازاریڤ. چەمکەکانی مێژووی کورد، خوێندنەوەی لازاریڤ. بەرگی ١. مۆسکۆ، ٢٠١٢، ل. ٨٨. -. نووسەر.

[53] م. س. لازاریڤ. ناوچەی کورد، خوێندنەوەی لازاریڤ. بەرگی ١. مۆسکۆ، ٢٠١٢، ل. ٧٠. -. نووسەر.

[54] م.س. لازاریڤ، خوێندنەوەی لازاریڤ. بەرگی ١. مۆسکۆ، ٢٠١٢، ل. ٦٢. -. نووسەر.

شوناسی ئێتنیکی خۆیانن، دێنەئەژمار. هاوکات جیاوازیی ئایینی (سوونە، شیعە، ئیزەدی، عەلی ئۆڵڵاهی [یارسان] و هتد.)، پاشماوەی دیاردە خێڵاتییەکان، بەربەست و گوشارەکانی دەوڵەتان و گەلێک فاکتەری دیکە، کۆسپ و تەگەرەیان خستۆتە سەر رەوتی یەکگرتنەوەی گشتگیری نەتەوەیی کوردان. ئەگەرچی پانتاییە (سنووربەزێنە) بەرفراوانەکانی پەیوەندییەکان تا رادەیەکی بەرچاو پەرەی بە چڕبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئێتنۆپۆلیتیکی کوردان داوە، بەڵام هێشتا ناسیۆنالیزمی پارتیکولیاری لە کوردستان باڵادەستی هەیە. هەڵبەت فاکتەرە دەرەکییەکانیش بەربەستیان خستۆتە سەر رێگای پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی یەکگرتووانەی کورد.

ئەمڕۆ کوردستانی ئێتنیکی بۆتە نێوەندی بەرژەوەندییەکانی زلهێزانی ناوچەیی و هێندێک لە زلهێزانی جیهان کە مەبەستیان تەنیا دەستداگرتن بەسەر سامانە سروشتییەکانی نییە، بەڵکوو ئەو ناوچەیە وەک پێگەیەکی ستراتێژیک بۆخۆیان هەڵدەسەنگێنن.

## رەهەندە نێونەتەوەییەکانی پرسی کورد

ئەمڕۆ تورکیا، ئێران، سووریا و حکوومەتە تازەکەی عێراق، ئاسۆکانی چارەسەریی پرسی کورد بە پێوەری رووداوەکانی سووریا هەڵدەسەنگێنن. ئەنکارا، تاران و دیمەشق لە ئاکامی قەیرانی سووریا زۆر نیگەرانن. ئەنکارا لە پەیوەندیی لەگەڵ

چالاکبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردانی تورکیا، کێشەی کورد لە سووریا وەک مەترسێکی راستەقینە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێ.

قەیرانی سووریا دەتوانێ کاردانەوەی نەرێنی لەسەر سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی ئێران کە لەئاست نێونەتەوەیی و ناوچەکە کاریگەری بەرچاوی هەیە، دابنێ. رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد و چارەسەریی پرسی کورد لە سووریا بەپێی بەرژەوەندی کوردی سووریا، دەتوانێ گورزێکی کوشەندە لە بنەماکانی رژێمی بناژۆخوازی ئێران بدات.

رووداوەکانی سووریا کاردانەوەی لەسەر عێراق و بەتایبەت لەسەر کۆردستانی عێراق دەبێ. ئەربیل [هەولێر] دەتوانێ پێگەی سیاسی خۆی لە نێوخۆی عێراق بەهێزتر بکات و ئەوەش بە مانای بەهیزتر بوونی کاریگەرییەکانی دەبێ لەسەر کوردستانەکانی تورکیا و سوریا و هەروەها لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران.

پاش تەواو بوونی قەیرانی سووریا، ئێران و تورکیا کە بەهۆی چارسەر نەکردنی پرسی کوردی خۆیان، نیگەرانی لێکبڵاوبوونی وڵاتەکانیانن، بۆ لەپێشگرتنی هەڵوێستیان لەهەمبەر کوردستانی سووریا، تووشی سەرشێواویی دەبن. ئەگەر عەڕەبەکان و تورکیا کۆسپ بخەنە سەر دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لە سووریا، ئەوکات ئێران کە بەدوای بەرژەوەندی خۆیەتی، لەوانەیە

تا رادەیەک (لە پەیوەندی لەگەڵ عەلەوییەکان) یارمەتی سنووردار بە کورد لە سووریا بکات. تورکیا، بەرژەوەندی خۆی لە یەکگرتوویی خاکی سووریا و عێراقدا دەبینێتەوە. تورکیا بە بێ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کوردستانی تورکیا، ناتوانێ سیاسەتی مەزنخوازانەی ناوچەیی خۆی جێبەجێ بکات (تورکیاش وەک ئێران دەخوازێ ببێتە زلهێزی سەرەکی ناوچەکە). لەو سۆنگەوە، لەوانەیە دەسەڵاتدارانی تورکیا بە هێندێک نەرمی لەهەمبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بگەنە رێکەوتنێک لەگەڵ پ.ک.ک. هاوکات لەوانەیە شەڕ لەسەر نەوتی کوردستانی سووریا، رکابەرایەتی ناوچەیی ئێران و تورکیا بەربڵاوتر بکات. ئەنکارا سەبارەت بەو هاوکێشەیە، تاران بە پشتیوانی لە پ.ک.ک تۆمەتبار دەکات، لەکاتێکدا پارتە وابەستەکەی، واتە "پارتی ژیانی ئازادی کوردستان" (پژاک) چالاکی چەکداری لە خاکی ئێراندا ئەنجام دەدات.

لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، نەتەنیا ئێران و تورکیا، بەڵکوو عێراق و سووریاش کۆسپ و تەگەرە دەخەنە سەر رەوتی پەرەسەندنی ئەو ئاڕاستانەی کە لە کوردستانی ئێتنیکیدا ئامانجیان بەتایبەت بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە و بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان لە ناوچەکە، لە خودی کورد کەلک وەردەگرن. کاتی ئەوە هاتووە تا کورد لە کوردستانی ئێتنیکیدا کێشە گشتگیرەکان و کێشە

پارتیکولارییەکانی بەشێوازی هاوپەیمانی و ڕێکەوتنی هەمەچەشنەی کورتخایەنیش بێ، چارەسەر بکات. کورد لێرەدا دەبێ بێ ئەملاو ئەولا، بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی تێبکۆشێ.

سرنجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسراییل کوردستانی ئێتنیکی گرتۆتەوە. واشینگتۆن بەرژەوەندی لەوەدایە پێگەی خۆی لە عێراق و بەتایبەت لە کوردستاندا رابگرێ. ئەمریکا، کوردستان بە پاشکۆی سامانە سروشتییە زەبەلاحەکەی، تەنیا وەک سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی بۆ وزە چاو لێ ناکات. لە ئەگەری هەر شڵەقانێکی ناوچەیی، بەتایبەت ئەگەر بە ئاڕاستەی بناژۆخوازی ئیسلامی بێت، ئەمریکا دەتوانێ ناوچەی کوردستانی ئێتنیکی وەک قەلەمندارەیەک[55] بەکار بێنێ. جگە لەمە، ئەو کوردستانەی کە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات، لەوانەیە لەگەڵ گورجستان و ئازەربایجان بکەونە نێو پلانی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و هەروەها لەوانەشە پاشان ئاسیای نێوەندی و رووسیاش بگرێتەوە، ناوچەیەک کە رێژەیەکی یەکجار زۆری کورد لێی دەژین. دژایەتیکردنی کورد لەگەڵ ئیسلام و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ عەڕەب، لە بەرژەوەندی ئیسراییل دایە. یارمەتییەکانی ئیسراییل بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا و سووریا و هەروەها لە

[55] Buffer مەبەست پێگەیەک بۆ بازدان بەرەو ئامانجە گرینگەکانی دیکەی لە ناوچەکەدا.- . وەرگێڕ.

تەواوی کوردستانی ئێتنیکیدا بە مەبەستی وەدەسهێنانی هاوپەیمانێکی ستراتێژیکی‌یە لە رۆژاوای ئاسیادا.

بۆ ئیسراییل و ئازەربایجان کە ئێستا هاوپەیمانن، دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ باڵادەستییەکی دیاریکراویان بۆ دەرەخسێنێ. ئیسراییل پشتیوانی لە لێک‌بڵاوبوونی عێراق و راگەیاندنی فەرمی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد (ئەگەر وابەستەش بێ) دەکات، چونکە ئەوەی لە بەرژەوەندیی‌دایە و کوردستانی عێراق پاشکۆی نەوتێکی فراوانی هەیە. ئیسراییل هەروەها بەوردی چاوەدێریی رووداوەکانی سووریا دەکات و هەوڵدەدات تا پێش بە چالاکی تاقمە ئیسلامییەکان بگرێ.

لە ئەگەری پەرەسەندنی گێرەوکێشەکانی سووریا بەرەو ئاستی ناوچەیی[56]، کوردەکان لە کوردستانی ئێتنیکیدا هەم لە ململانی رکابەرانەی تورکیا و ئێراندا و هەم لە پێشڕەوییەکانی ئەمریکا و ئیسراییل بەرەو قافقاز و ئاسیای نێوەندی، دەبنە دەورگێری سەرەکی. بەڵام بزووتنەوەی کورد بە رێبازە نەریتی و دژ بەئیسلامییەکەی، درێژە بە خەباتی خۆی لەپێناو سەربەخۆیی دەدات. لێرەدا ئەگەری ئەوە زۆرترە کە ناسیۆنالیزمی کورد پتر بە ئاڕاستەی پارتیکولیاری پەرە بستێنێ تا پێش زەمینەکانی یەکگرتنەوەی گشت نەتەوەیی دابین بکات.

---

[56] ئەو بابەتە پێش ئۆکتۆبەری ٢٠١٣، واتە پێش مەرگی نووسەر نووسراوە. -. وەرگێڕ.